لە ماوەی دوو ڕۆژدا ژمارەیەکی زۆر مین و پاشماوەی تەقەمەنی جەنگی لەناوبران

لە ماوەی دوو ڕۆژدا ژمارەیەکی زۆر مین و پاشماوەی تەقەمەنی جەنگی لەناوبران.

ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری مینی هەولێر ڕۆژی سێشەممە (24ـی تشرینی یەکەمی 2023) ڕایگەیاند، "لەدرێژەی پرۆسەی پاکسازی مین لە سنوری پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، زیاتر لە 63 مین و پاشماوەی تەقەمەنی جەنگی لەناوبران".

هاتووەش، مین و پاشماوەکانی تەقەمەنی جەنگی کەگۆ مینی حەمەدەرەش لە سنوری قەزای کۆیە کژمارەیان 18 مینی دژەکەسی و لە کەگۆمینی کارەزان لە سنوری قەزای چەمان 37 مینی دژەکەسی و پاشماوەی تەقەمەنی جەنگی لە پردی زنان لە قەزای سیدەکان یەک مینی دژەکەسی و لە گوندی هەسنان سەر بە قەزای ناوندی سۆران یەک مینی دژەکەسی و لە گوندی بەدارون سەر بە قەزای مەرگەسەر شەش مینی دژەکەسی لە ناوبران.